کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 7-5-2007 11:36

Khalidabdula2000@yahoo. com

# قوڵبونەوەی ململانێ ی ئاینیەکان لە بەرژەوەندی کێ یە؟ ... خالد گراوی



ئیزدیەکان ئەو کەمینە ئاینیەن لە دەوروبەری موسل نیشتەجێنە، لەو ناوچانەی کە ناوەندی یەکلا کەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستان و عێراقن، بەدرێژای مێژوو توشی دوو چەوسانەوە بونە، چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئاینی، کە زۆرجار لە پێناوی مانەوەیان دەستبەرداری لایەک بونە ولاکەی تریان وەلا ناوە، بەتایبەتی لایەنی نەتەوەییان زۆر جار فەرامۆش کردوە، بەڵگەش بۆ ئەمە لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ڕژێمی پێشوو لەکۆنەوە جل و بەرگی عەرەبی دەپۆشن بۆ ئەوەی لە ناو بۆتەی نەتەوەکانی دەوروپشتیان خۆیان بپارێزن، لە هەندی ناوچە دەستبەرداری زمانەکەشیان بوونە، بەڵام هەست نەکراوە کە ئاین لایان فەرامۆش بکری، وەزۆریشیان هاوکارو پشتیوانی ڕژێم بونە لە دام و دەزگاکانی خزمەتیان کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا، خۆیان بە کوردی ڕەسەن دادەنێن، و پێیان وایە ئەوان هەڵگری بیری ئاینی زەردەشتین و وەکو کوردەکانی تر نەکەوتونەتە ژێر کاریگەری هیچ ئاینێکی دەرەوەی سنورەکەیان و، بەڵگەشیان زۆرە بۆ ئەم باسە، بەڵام زەقترین بەڵگەی سەلمێنەر لایان ئەوەیە کە ئەوان نوێژو سروتە ئاینیەکانیان بە زمانی کوردی یە هەتا لای ئەو کەسانەش کە کوردی نازانن و نە شارەزان بە مێژووی کوردستان، بەتایبەتی خەڵکی ناوچەی باشیك و بەحزان کە زۆربەیان بە زمانی عەرەبی لەناو خۆیان دەدوێن.

لە زۆربەی ناوچەکان، بەتایبەت لە شێخان و باشیك و بەحزان، مێژوێکی هاوبەشی پێکەوە ژیان هەیە، لە نێوان پێکهاتە ئاینیە جیاجیاکان، لە هەموو ئەو شوینانە نێوان، مزگەوت و کلیساو پەرستگای ئێزدیەکان، چەند سەد مەترێك لێك دوور دەبێت، زۆر برایانە و دور لەبونی دەمار گرژی ئاینی پێکەوە ژیاون، بەڵام دوریش نەبونە لە کێشەی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی ژن و ژنخوازی، کە ئێزدیەکان شویان بە موسلمان کردبی دەبوایە بێنە سەر ئاینەکەیان و بەپێچەوانەوە موسلمانەکان قبولیان نەبوە ژنەکانیان شوو بە ئێزدیەکان بکەن، بەڵام کێشەکانی پێشویان ئەوەندە ئاڵۆز نەدەبون، لە نێو خۆیان بە شێوەی عەشائیری یا یاسایی چارەسەر دەکران و هەرگیز لەو جۆرە شێوازو دیاردە ناشارستانیانەی بە خۆیەوە نەبینیوە.

کێشەی یەکەم لە شیخان بوو، کە ژنە موسلمانێك ڕەدوی کورێکی ئێزدی کەوتبوو، کەس و کاری ژنەکە، تەنها بەکوشتنی ژنەکە نەوەستان، زۆر قەبارەی کێشەکەیان گەورە کرد، کار گەیشتە کۆ کردنەوەو هێنانی هێزی دەرەوەی ناوچەکە وە هاندانی جەماوەر بە ناوی (جیهاد) دژی ئێزدیەکان و تالان وبڕۆ و سوتاندنی دوکان و خانوو و بنکەی ڕۆشنبیری لالش.

کێشەی دوەم ئەو کێشە بوو کەویژدانی سەرجەم مرۆڤایەتی هەژاند، سەیرە لە ناوچەیەکی ناسراو بە بیرکردنەوە و ڕێزگرتن لە مافی ژن کارێکی بەم جۆرە دڕندانەیەی تیا ڕوبدات، لەبەر چاوی کامیرا و خەڵك بەناوی ناموس وشەرەف ئاوەها کارێك ئەنجام بدەن، خۆ لەناو هەڵبژاردەی ڕۆشنبیرانی کورد وا باوە کە هەڵگرانی توندوتیژی و زیندەبەچاڵ کردن و زەوتکردنی مافی ژنان، لە هاوردەی میرات و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەلتوری ئیسلام و عەرەبەوەن، خۆ ئەگەر ئەم کارە لەناوچەیەکی تری موسلمان نیشین ڕوییدابایە هەمان شتمان دەوت، بەڵام سەیر ئەوەیە لەناو هەڵگرانی کەلتوری ڕەسەنی کوردی، ئاینی کۆنی کوردان ڕوبدات، ناکرێ ئێمە دەرهاویششتەی ئەم کەلتورە بین بۆ سەرجەم دەوروبەرەکانمان، چونکە لە سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان نە موسلمانمان نەئێزدی نەکاکەیی نە مەسیحیەکانی کورد ناتوانن لەم دیاردە ناشارستانیانە خۆیان دوربگرن، هەموشیان هەڵگری بارگەی ژەهراوین بەرامبەر ڕەگەزی مێینە، بەڵام ڕەوا نیە و ناکرێ ئێزدیەکان تەنها بەو ڕوداوە تاوانبار بکرێن.

ئێزدیەکان زۆر جوامێرانە، پشگیریان لە هێزە کوردیەکان کردوە، لە سەرجەم ناوچە ئێزدی نیشنەکان، ئێستا بارەگای حیزبە کوردستانیەکانی لی یە، سەرەڕای ناڕازی بونیان لەبەشێکی بەرپرسەکان، بەڵام زۆر دلسۆزانە پشتیوانیان لە دەستەڵاتی سیاسی کوردستان کردوە، ئومیدی دواڕۆژی ئازاد وئارامی یەکجارەکیان خۆیان لەسەری بنیات نابوو، هیواکانیان پشگیری و کاریگەر و بنەمای بەهێز بونی بڕیاری سیاسی حکومەتی هەرێم بون لە ناوچەکانیان، ئەوەی کە جێگای شانازیە بۆیان لە سەرجەم سنورەکانیان ڕیگرو چاوساغ بونە بۆ پاراستنی شارو شارۆچەگکەکانیان، لە گومان لێکراوان و، تاپێان کرابی نەیانهێشتوە کاری تێکدەرانەی تیرۆرستی لە سنورەکانیان ڕوبدا.

سنورەی ئێزدیەکان لە شێخانەوە بۆ ناوچەکانی شەنگار و سنون و بەشێك لە ناحیەی فایدە، قەزای تەلکێف شارۆچکەی بەعشیقە و بەحزان دەگرێتە خۆی، کە تا ئێستا بەفەرمی لە ڕوی ئیداری ئەو ناوچانە نە گەڕانەوەتەوە سەر سنوری هەرێمی کوردستان و، کێشەکە لەچاوەڕوانی جی بەجی کردنی مادەی 140 خۆی دەبینێتەوە.

لەبەرامبەرا حیزبە کوردستانیەکان لە جیاتی هەوڵدان بۆ دورست کردنەوە و گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی زیندوکردنەوەی، ئەو هەستە نامۆیەی بەرامبەر نەتەوە و خاکەکەمان لە ناوچەکە کاری سڕینەوەی لەسەر کرابوو، و دوو نەوەی لەسەر پەروەردە کرابو، وەك خۆی جێیان هێشت، دەستەڵاتدارانی کوردی لە بری پراکتیزە کردنی دیموکراتیەت و شارستانیەت و ئاوەدان کردنەوەی ناوچە وێرانەکانیان هەڵسان بە گواستەوە وبە دیاری بردنی ململانێکانی ناو هەرێم بۆ سنورەکە، بە خێرایی سیستەمی کۆکردنەوو بەحیزبی کردنی کۆمەڵگا دەست پێکرد، لەڕێگای بەخشینی پلە وپایەو دەستەڵات دابەش کردن، پڕکردنەوەی بۆشایەکانی ئیدارە و دام و دەزگاکانی دەوڵەت، لەسەر کۆمەڵێك بنەما و پێوەری نازانستی کە بوە کۆکردنەوەی زۆرێك لە خەڵکی ملکەچ و ماستاوچی و کۆنە پیاوانی سەردەمی ڕژێم دواتر لە ناوچەکە کرانە دەمڕاست و بونە نەخشە داڕێژەری حیزبەکان و جێبەجی کەری سەرجەم یاساکانی بەعس و گوی گرتن و کارکردن بە بڕیارو ڕێنمایەکانی پاشماوەی پیاوانی بەعس و هاوکارانیان لە تۆڕە تیرۆرستەکانی قاعیدە بۆ شێواندنی ئاسایشی ناوچەکە.

ئەمڕۆ لە کوردستان کێرڤی کزبونی هەستی نەتەوەیی بە ڕونی بەرچاو دەکەوی و لەبەرامبەریا بیروباوەڕی دینی سەری دەرهێناوە و پڕوپاگەندەی ئیسلامیەکان کاریگەری بەرچاوی هەیە لە گەورەکردنی کێشە ئاینیەکان و کار کردنە سەر ڕای گشتی شەقامی کوردی بۆ گواستنەوەی ململانێکانی ئاینی، بەرەو ئاقاری یەکتر سڕینەوە، لە بەرامبەریشیا هیچ کاردانەوەی حکومەت هەستی پێناکرێت.

دورست کردنی ئاژاوە و گەورە کردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان گری دانیان بەکاری تیرۆرستی و بیانو دان بە داخ لەدڵان بۆ دەست خستنە ناو کاروباری سنورەکە، نەخشەیەکی تۆکمەی بۆ داڕێژاوە، لە بەرامبەریشدا بی بەرنامەیی وکزی و لاوازی و دەستەوەستانی حیزبە کوردستانیەکان بەدی دەکری لەئاست ڕوداو و کێشە ناوچەیەکان، بەڵکو زۆر بیانوش دەدەن بە دەست کە ئەوان بەشێکی سەرەکی ڕوداوەکانن، کە لەدواجارا زەمینە خۆش دەکات بۆ دەرپەڕاندن دەرکردنی دەستەڵاتی کوردی لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سنورەکە، لە بەرامبەریشدا ئەو متمانەی کە ئێزدیەکان هەیانبوو بە حیزبە کوردستانیەکان لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، سەبارەت بە پاراستنی کەلتورو سروتە ئاینیەکان ئەمڕۆ لە پاشەکشەدایە، بەگومانەوە دەڕواننە ئەگەری دلنیا بون لە دواڕۆژی پێکەوە ژیان لە گەڵ هەرێمەکە و، دورست کردنی گومان یان لە بڕیار دان بۆ چارەنوسی ئەو ڕێفراندمە یەکلاکەرەوەی، کە خاڵی سەرەکی دەست نیشان کردنی سنوری جوغرافیای هەرێم دەبێت لەگەڵ عێراق، بۆیە دورست کردنی کاری پشێوی بە هەموو جۆرەکانی، لە کات وساتێکی وەك ئێستا، کاریگەری خراپی دەبێت، لەسەر بەرەوپێش نەچونی کێشە چارەسەر نەکراوەکان و ئامانج و بەرژەوەندیە باڵاکانمان پەك دەخات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.